

# به ماكیاژ پەڵە و خاڵ و چرچی روخسارت داپۆشە

زۆربەی ئافرەتان خاوەن دەوامن و رەنگە بەیانیان هێندە كاتیان نەبێ كە ماكیاژێكی جوان و شیك بن، پەلە پەلەیان وادەكات كە تووشی هەڵەی ماكیاژەكان بن، هەروەها كاتێكی زۆریش خەریك بن و لە دەوامەكەشیان دوابكەون، پێگەی (prevention) لە رێنماییەكانیدا دەربارەی ماكیاژێكی سادە و ئاسان لە ماوەیەكی كەمدا بەمجۆرە رێنمایی خانمان دەكات: بۆ ونكردنی پەڵەی رەش، دەكرێت كۆنسیلەر بەكاربهێنرێت، كە ئەوەش لە ژێر چاوەكانەوە لە بەشی ناوەوەی تەنیشت لووت دەكرێت، كە دیمەنێكی ناسك بە روخسارت دەدات، پەڵە رەشەكانیش ون دەكات. بۆ بزركردنی پەڵە رەشەكانی سەر كوڵمەكانت دەتوانیت، سووری روومەت بەكاربهێنێت، كە لە شێوەی پۆدرە، یان كرێمە، ئەو رەنگە بەسەر هەردوو لای گۆنات پەرت بكە، فلچە، یان بە ئیسفنجی ماكیاژ بەكاربهێنە. بەكارهێنانی ماسكارەی رەش، رێگەیەكی نایابە بۆ زاڵبوون بەسەر پەڵەی رەش و چرچ و خاڵەكانی روخسارت، كە ماكیاژی چاوانت جوان بێ، كەسانی بەرامبەر سەیری چاوەكانت دەكەن، زیاتر نەوەك روخسارت. كاتێك لێوانت بریقەدار و رەنگێكی سووری هەبێ، دیمەنێكی جوان بە روخسارت دەدا، ئەمەش وادەكات كە سەرنجی زیاتر لەسەر لێوت بێت و نەوەك لەسەر خاڵ و پەڵەكانی روخسارت.



# کڵاوی نەرمونۆڵ بۆ وەرزی سەرماوسۆڵ

سەرما جگە لەوەی کاریگەری لەسەر پێستت دەبێ، هەروەها قژیش تووشی کێشە و گرفت دەکاتەوە، وێڕای ئەوەی کەرەستەیەکە بۆ پۆشین و جوانییە، هەروەها سەر و پرچت لە سەرما و سۆڵەوە بە دوور دەگرێت، کڵاوەکانی سەر چەندین شێواز و جۆریان هەن، بۆ ئەوەی کڵاوێکی ناسك و نایابت لەسەر بێ، پێویستە ئاشنای شێوازەکانی بیت، لێرەوە بزانە: مۆدی یەکەم بە گرۆنج ناسراوە، کە پێکهاتووە لە قاپووتێکی درێژ و پانتۆڵێکی جینز و پێڵاوی فلات، هەروەها کڵاوێکی خووریی نەرم و بە ڕەنگی ڕەش. شێوازی دووەم مۆدی مونۆکرۆمە، لەو مۆدەدا زیاتر جینزەکان باون، کە بلووزێکی گەورە و پانتۆڵی جینز و جووتێك پووتی ناسك و لەگەڵ کڵاوێك لە هەمان ڕەنگی پووتەکان. مۆدی سێیەم بە مۆدی ڕۆك ناسراوە، کڵاوێکی ڕەش لەگەڵ چاکێتی کورت چ لە پێست، یان قوماشی ئاسایی، بلووزێکی کورت و ناسك، هەروەها پێڵاوێکی وەرزشی لە ڕەنگێکی جیاواز لە ڕەنگی کڵاوەکە بێت. مۆدی چوارەم بە مۆدی داهاتوو ناسراوە، لەم شێوازەدا ئاماژە بە کڵاوی پەمووی نەرم کراوە، لەگەڵ چاکێتی درێژ لە قوماشی ڕەق، دوو جووتە پووتی پاژنە بەرز مۆدێکی نایاب دروست دەکەن.



# بەپێی ڕەنگی پێستت ڕەنگی جلەکانت هەڵبژێرە

هەڵبژاردنی جلەکان، جگە لەوەی بەپێی مۆدی سەردەم و شێوازە تازەکانن، هەروەها پێویستە لەگەڵ ڕەنگی خۆت گونجاو بێت، هەندێ لە ئافرەتان جلەکانیان لە مارکە بەناوبانگەکان هەڵدەبژێرن، بەڵام کاتێك دەیپۆشن، ئەو جوانییە لە جلەکەدا نابینن، بۆیە تا جلێکی نایاب هەڵبژێریت، پێویستت بە شیککردنی ڕەنگی پێست و جلەکان دەبێت، چونکە ڕەنگی پێست کاریگەری لەسەر جلەکان دەبێت بە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ، دەتوانین بە پێی ڕەنگی پێست جلوبەرگ هەڵبژێرین بەم چەشنە:

پێستی ساف و سپی، ئەوانەی پێستیان سپی و سافە، پێویستە جلەکانیان لە ڕەنگی (ڕەش و ڕەساسی و شینی تۆخ و بێجی و سپی و سوور و زێڕین و سیلڤەر) بێت، هەر یەکێك لەو ڕەنگانە خۆیان لەگەڵ پێستی سپی دەگونجێنن و شیك دەبن.

پێستی ئەسمەر، ئەوەیە کە نێوان پێستی ڕەنگ سپی و تۆخە، ئەو کەسانە پێوستیان بە ڕەنگێکە لە ڕەنگی خۆیانەوە نزیك بێت، پێویستە جلەکانیان لە ڕەنگەکان لە دوو بەش بێت و لە دوو ڕەنگیش بێت، واتە جلێکی لە ڕەنگی تۆخ و جلێکی دیکەی لە ڕەنگی کراوە بێت، ئەو ڕەنگانەش بریتین لە: پەمەیی و قاوەیی کرێمی و سوور، شینی کراوە و بێجی).

پێستی تۆخ، ئەوانەی پێستیان تۆخە، یان بە ڕەش ئەسمەر ناسراون، پێویستە ڕەنگی جلەکانیان پێچەوانەی خۆیان بێت، واتە ئەو ڕەنگە کراوانە بێت کە ڕەنگی ئەوانیش بکاتەوە، وەك: زەرد، سەوز، وەنەوشەیی کاڵ، نارنجی، پرتەقاڵی، تا ڕەنگێکی ناسك بە پێستە سەرنجڕاکێشەکانیان بدات.

# پێشبڕكێی خانمانی بووک

پێشبڕكێی بووكەخان، یەكێكە لەو پێشبڕكێ سەیرانەی كە ساڵانە لە وڵاتی تایلاند بۆ خانمانی بووك دەكرێت، لەو پێشبڕكێیەدا ژمارەیەكی زۆر لە كچان بە جلی بووك بەشداری دەكەن، پێشبڕكێیەكە لە شاری (بانكوك) ئەنجام دەدرێت، پێویستە خانمان ماوەی (٣) كیلۆمەتر رابكەن، ئەوەی توانی پلەی یەكەم بەدەست بهێنێت، دەبێتە براوەی پێبشبڕكێیەكە، خەڵاتی ئەو پێشبڕكێیە بریتییە لە (٢) ملیۆن باهتی تایلەندی كە دەكاتە (٦٠) هەزار دۆلار، هەروەها گەشتێك بۆ كەناری (ماڵدێف و سابورۆ لە وڵاتی ژاپۆن). ئەوانەی دەستگیراندارن هاوسەرانیان لە شوێنی كۆتایی هێڵی پێشبڕكێیەكە دەوەستن تا بووكەخانەكەیان پلەی یەكەم بەدەست دەهێنێت، ئەوانەشی كە سینگڵن دەتوانن خەڵاتەكەیان راستەوخۆ وەربگرن تەنیا گەشتەكانیان دەمێنێت تا ئەو كاتەی شوو دەكەن، یان كەسێك دەبیننەوە وەك هاوسەر لەگەڵیان گەشت بكات، ئەو پێشبڕكێیە وەك هاندانێكە تا كچانی ئەو وڵاتە هاوسەرگیری بكەن و سینگڵ نەمێنن.





# ڕوخساری سەگێک مرۆڤ سەرسام دەکات


هەندێ گیانداران شێوە و روخساریان دێتەوە سەر شێوەی مرۆڤ، كە ئەوانەش دەبنە دیاردەیەكی سرووشتی لە جیهانی ئاژەڵاندا، تەنانەت هەندێكیان دەبنە هۆی سەرسوڕمانی زانایان ئاخۆ چ گرفت و هەڵكەوتێك وادەكات ئەو گیاندارانە بە مرۆڤ بچن. ئەو سەگە كە ناوی (باكون)ە، ناوەكەی بۆ ئەو خێزانە دەگەڕێتەوە كە بەخێویان كردووە، گەورەی ئەو خێزانە ناوی (شاینی باكون)ە، ئەو سەگەیان گەورە كردووە، كە روخساری لە مرۆڤ دەچێت، بەتایبەت لەو كاتانەی تووڕە دەبێ، یان شتێكی پێ خۆش نابێت. ئەو سەگە تێكەڵی نێوان هەردوو جۆری (Chihuahua و Badger dog)ە، تا دواجار ئەو سەگەی لێدەرچووە، خاوەنەكەی دەڵێ: وەك ئەندامێكی خۆمان مامەڵەی لەگەڵدا دەكەین و نرخیشی (٢٠) هەزار دۆلارە بۆ ئەوەی مەبەستی بێت بە دەستی بهێنێت.






# گەشتی داهاتووی مرۆڤ بەرەو هەسارەی ئینسیلادۆس دەبێت

دوای ئەوەی دەزگای ناسای ئەمریکا، بە هاوکاری تیمی بۆشاییگەری چەند وڵاتێك توانییان یەکەم کەشتی بۆشاییگەری لەسەر هەسارەی مەریخ بنیشێننەوە، لە بەرامبەردا زانایان و بۆشاییگەرانی وڵاتی رووسیا لە هەوڵی خۆیان ناوەستن و دەیانەوێت سەرکەوتنێك بەسەر ئەمریکادا تۆمار بکەن، ئەویش بە گەیشتن بە هەسارەی (زوحەل)، ئەو هەنگاوە لەلایەن ملیاردێرێکی رووسی بە ناوی (یوری بۆرسیڤیچ میلنەر)ەوە لێکۆڵینەوەکانی دەستپێکردووە تا بتوانن بە زووترین کات سەردانی هەسارەی زوحەل بکەن، یوری لەدایکبووی (١٩٦١)ی شاری مۆسکۆی رووسیایە، لە ئێستادا لە وڵاتی ئەمریکا دەژی و لە نزیکەوە چاودێری کارەکانی دەزگای ناسا دەکات، لە بەرامبەریشدا سەرپەرشتی دەزگای بۆشاییگەری ئەورووپی دەکات، دەرچووی بەشی فیزیای زانکۆی پێنسیلڤانیای ئەمریکییە، پڕۆژەکەی بۆ دۆزینەوەی گیاندارانی دیکە و ژیانە لە بۆشاییگەریدا، کە وابڕیارە بەرەو هەساری (ئینسیلادۆس) بەڕێ بکەون.






## جوانترین دیمەنەکانی هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر

یەکێك لە جوانترین دیمەنەکانی سرووشت بریتییە لە خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابوون، کە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشن و هەندێ جاریش وەك کەشێکی رۆمانسی دادەنرێت، هەندێکیان دیمەنیان هێندە دڵڕفێنە، گەشتیاران و خەڵکی جیهان سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن کە جوانترین دیمەنی خۆرئاوابوون و خۆرهەڵاتن دروست دەکەن، پێگەی (پیرۆ)، کە تایبەتە بە سرووشت، ئەو شوێنانەی دیاری کرد لەوێدا دیمەنە جوانەکانی خۆر لە کاتی هەڵاتن و ئاوابووندا دەبێت، پلەی یەکەم بەر دیمەنی خۆرهەڵات دێت لە لێواری رووباری (فۆریست پارك) لە وڵاتی ئۆکرانیا، براوەی دووەم بەر خۆئاوابوون لە نزیك ئەهرامەکانی میسرەوەیە، پلەی سێیەم بۆ خۆرئاوابوون لە وڵاتی ئیسلەندا، چوارەم دیمەن خۆرهەڵاتنی بەیانیانی گوندی (جۆرد) لە باشووری رۆژهەڵاتی وڵاتی فەرەنسایە، پلەی پێنجەم بۆ بەری بەیانی کەنداوی سکای لە وڵاتی ئوسکەتلەندایە، شەشەم ریزبەند تایبەتە بە خۆرهەڵاتن لە ناوەڕاستی چیاکانی رۆکییە لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەبووایە پلەی یەکەم بۆ کوردستان بووایە، چونکە خۆرهەڵاتنی بەیانیان لە سرووشتی کوردستاندا جوانترین دیمەنی سرووشتی دروست دەکەن.

# پوختەی فیلم




**پیاوی پەری دەریا** – Aquaman

فیلمێکی فەنتازیا و زانستییە، باس لە پیاوێك دەکات کە خۆی نێوان جیهانی ئاساییی و ژیانی نێو دەریادا دەبینێتەوە، کە دەیەوێ نێوان ئەو دوو لایەنە پێشبخات. ماوەی فیلمەکە (٢) کاتژمێر و (٢٣) خولەکە، لە وڵاتی بەریتانیا وێنەی گیراوە، بودجەی فیلمەکە (١٦٠) ملیۆن دۆلارە، لە دەرهێنانی (جەیمس وان)، لە بەرهەمهێنانی کۆمپانیای (وانەر برۆس و دی سی فیلمز)ە، لە نواندنی (جەیسۆن مۆموا و ئەمبەر هارید و پاتریك ویلسەن)ە.

# کاریکاتێر




کاریکاتێرێکی مانادارە، باس لە رۆڵ و قوربانیدانی دایك دەکات، کاتێك رۆح و جەستەی قوربانی منداڵەکانی دەکات، ئامادەیە لە پێناویاندا خۆی بەخت بکات، تا منداڵەکانی سەلامەت بن.

# هۆزی سەیر و سەمەرە







هۆزێکی سەیرن، بوونەتە جێگەی سەمەرەی هەموو جیهان، تەمەنیان لە سەرووی (١٠٠) ساڵانە و تا درەنگانێکی تەمەنیش ئافرەتەکانیان دووگیان دەبن و منداڵیان دەبێ، ئەو هۆزە ناوی (هۆنزا)یە، لە زنجیرە چیایەکانی هیمالایا دەژین، وەك ئەوەی لە هەموو جیهان بە دوور بن، زۆربەی خەڵکی ئەو شوێنە و هۆزە تەمەنیان دەگاتە نزیکەی (١٤٥) ساڵ، هەروەها بە دڵخۆشترین خەڵکی جیهان دادەنرێن، ئەوەی سەیرە زۆربەی ئافرەتەکانیشیان تەمەنیان لە سەرووی (٩٠) ساڵیە، کاری ئەو هۆزە بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکن، هەروەها رۆژانە تەنیا دوو ژەم دەخۆن و خواردنەکانیشیان زیاتر میوە و سەوزەیە.

# نـوکتـه



یەکێك ئاگری تێبەردەبێت، دوای ئەوەی کۆمەڵە کەسێك دەیکوژێننەوە و دەیبەنە نەخۆشخانە، لەوێ دکتۆر پشکنینی بۆ دەکات، دەبینێت هەموو گیانی شکاوە، بۆیە دەڵێ: باشە ئەوە سووتاوە، بۆ هەموو گیانی شکاوە، چیتان لێی کردووە؟ ئەوانیش دەڵێن: بە خاکەناس ئاگرەکەمان کوژاندەوە.



**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

ماوەیەکە بیر لە هەنگاوەکانت ناکەیتەوە و لە خۆتەوە هەموو کارێك دەکەیت، هەر ئەوەشە کێشەت بۆت دروست دەکات، هەست بە ناجێگیریی باری دەروونیت دەکەیت، گۆڕانکاری لەناکاو بەڕێوەیە و رەنگە گرفتت بێتە پێش، بۆیە بە وریاییەوە هەڵسوکەوت بکە و باری داراییت باشتر دەبێت.



**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بڕیاری بەپەلە دەبێتە هۆکاری شکست و هەڵەکردن، راستگۆییت لەگەڵ کەسی بەرامبەر وای کردووە کە بە بەرزی سەیرت بکات، ئەگەر خەریکی ئەنجامدانی پرۆژەی گرنگیت، ئەوا ئێستا جێبەجێی مەکە، چونکە ئەنجامێکی باشی نابێت، لایەنی سۆزداریشت بەرەو باشی ناچێت.



**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

بەر لە هەنگاوەکانت دەبێ پێشبینی هەموو ئەنجامێك بکەیت، رەنگە بە باش و رەنگە بە خراپ بۆت بگەڕێنەوە، بۆیە یاخی مەبە و بەردەوام بە، بارودۆخی ژیانت هەندێك گۆڕانکاری تیا روودەدات، مزگێنی خۆشت پێ دەگات، دەرفەتێکی باشیشت لە بواری خۆشەویستییەوە بۆ رێکدەکەوێت.



**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

گۆڕانکاری لە ژیانتدا پێویستە، هەوڵبدە بەسەر کێشە و گرفتەکاندا زاڵ بیت، پاشان دەست بە گۆڕانکاری بکە و بیریش لە داهاتوو بکەرەوە، هەندێك گۆڕانکاری بەرەو کێشەت دەبەن، بەتایبەتیش لە بواری داراییەوە، بۆیە ئاگاداری خۆت بەو لە هەموو کارێك نزیك مەبەوە.



**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بڕوات بە کارەکانت هەبێ و رێگە مەدە کەسانێك ژیانت لێت تێك بدەن، تەنیا متمانە بەو کەسە بکە کە لێت نزیکە و هەردەم لەگەڵتە، گەشبینی پێویستە بۆت، چەند پێشهاتێکیش دێتە پێشەوە کە پاڵت پێوە دەنێت لە بواری کۆمەڵایەتیدا بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێیت، ئاگاداری باری تەندروستیت بە.



**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کاتێك رووبەرووی کێشە و گرفتێك دەبیتەوە، پێویست ناکات ئەوەندە خەمی پێ بخۆی و بێزار بیت، چاکتر وایە هەوڵی چارەسەریان بدەیت، دڵت شاد دەبێت ء کەمێك دەحەسێیتەوە و لەکێشەو گرفت رزگارت دەبێت، هەروەها لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی کەسێکی نزیکت شاد و گەشبین دەبیت.

## جیاوازی وێنە

- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەك هەیە بیاندۆزەوە!




## پەند و وتە



کار ئۆگست ساندبێرگ، نووسەر و شاعیری ئەمریکی،ساڵی (١٨٧٨) لە شاری گالێسبێرگ لە ویلایەتی ئیلینۆسی ئەمریکی لە دایکبووەو لە ساڵی (١٩٦٧) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی دوای شکست دەڵێ: دوای شکستی هەر سەرکێشییەکی هەڵە و دۆڕاندن، زیندووبوونەوە و بەخۆداهاتنەوەیەك هەیە، لەو کاتەشدا زەردەخەنە و پێکەنینێکی حەکیمانە دەردەکەوێت.

## یاریی وێنە



لەم وێنەیەدا دوو گیاندار هەن، هەوڵبدە لە ماوەی ١٥ چرکەدا هەردوو گیاندارەکە بدۆزەوە و بزانە چین.


## بۆ زانیاریت

### بەهاری شیردەرەکان

کات ٦٦ ملیۆن ساڵ لەمەو پێش، شوێن، مەکسیکی ئێستایە، چاخ، دەباشیرییە، حاکمی زەوی، دەینەسوورەکانن، ئەگەر بمانەوێ شیردەر ببینن، دەبێ زۆر بگەڕێین، لە ئێستادا شیردەرەکان، یان ڕاستتر بڵێین بنەچەکانی شیردەرەکان، قەبارەیان زۆر بچووکە و نێچیرێکی ئاسانی دەینەسوورە گۆشتخۆرەکانن، بەڵام ئێستا هەموو شتێك دەگۆڕێت، ئەستێرۆدێك بە تیرەی نۆ کیلۆ مەتر و نیو خۆی دەکێشێت بە زەویدا و لە سەدا هەشتای بوونەوەرەکانی سەر زەوی لەناو دەبات.


دەرئەنجامی بەریەککەوتنەکە، چەندین تسونامی و بوومەلەرزە بووە، هێندە گەرمیی دروست کردووە، تا ئاگری گەورە گەورە بکاتەوە، ئەو مادانەی لە ئەنجامی بەریەك کەوتنەکە دەرپەڕیونەتە ئەتمۆسفیری زەوی، ڕووناکیی خۆریان گرتووە و خۆڵەمێش زەوی داپۆشیووە، لە ئەنجامدا ڕووەکەکان ڕووبەڕووی لەناوچوونی بەلێشاو بوونەتەوەو ئاژەڵەکانیش لە ئەنجامی نەبوونی خۆراك لە ناو چوون، شیردەرەکان بە هۆی قەبارەیانەوە ئەو خۆراکە کەمەیان کافی بووە بۆ لە ناونەچوون، خۆراکی شیردەرێکی بە قەدەر سمۆرەیەك لە کوێ و خۆراکی ئەرجەنتیناسۆڕەس لە کوێ، کە جۆرەیەکی دەینەسوورە و کێشی لە نێوان ٧٥ بۆ ١٠٠ تەن بووە! بەڵام دەینەسوورەکان گشتیان لەناو نەچوون و گشت بەڵگەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە باڵندەکانی ئەو وەچەی دەینەسوورە پەڕدارەکانن.






### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کەسێکی زیرەك و کارامە و شیاوی لە بەرچاوی هەموان، بەڵام مەهێڵە هاوکارانت بە هەڵە لێت تێبگەن. هەست بە کەسانی دیکە بکە و بیروڕای خۆت بە زۆر بەسەر کەسانی دیکەدا مەسەپێنە، هەروەها لە بواری تەندروستییەوە هۆشیار بە و پێویستە زیاتر گرنگی بە خۆت بدەیت.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کارەکانت بە جوانی بەڕێ دەکەیت، بەڵام هەندێ جار کێشەت بۆت دروست دەکەن، لەوانەیە ئارەزوویەکەت بێتەدی کە کاتەکەی گونجاوە، گرنگی بە کەسانێك مەدە کە شایستە نین، کاتێکت لە بەردەمە تا داهاتووت دەستنیشان بکەیت و ڕابردووش لە بیر بکەیت، کەسێکی جوان بیر دەکەیتەوە.




### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ساتە وەختێکی خۆشی و یارمەتی کەسێکت پێدەگات، کە بە دڵتە و لەو کەسەش ڕازی تا ئێستا، متمانەت بە خۆت بێ و ڕەنگە ئەمڕۆ بەدڵی تۆ کارەکان بەڕێوە نەڕوات، بەو شێوەیەی کە پلانت بۆ داڕشتووە، بۆیە کەمێك دڵگیر دەبیت ء ئارامیء هێمنی خۆت لە دەست دەدەیت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کاتێکی زۆرت لە پێشە تا بتوانی هەڵەکەت چاك بکەیتەوە و لەگەڵ ئەو کەسەش ئاشت ببیتەوە کە ماوەیەکە کێشەتان هەیە، کەسێکی بەسۆزی و دڵت گەورەیە، بەڵام بێبەختی. بڕوات بە کەسانێك نەبێت کە تازە دێنە نێو ژیانت، دەبێ شارەزا و ئاشنای کەسانی دەورووبەرت بیت.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هەوڵدانی بەردەوامت، مانای ئەوەیە نییە کە کارەکانت بۆت نابن، بەڵکو دەبێ هێشتا بەردەوام بیت، تا دەگەیتە ئەو ئامانجەی مەبەستتە، لەوانەیە پەیوەندیت بە کەسانێکەوە بپچڕێت. ئەگەر بە تەمای پەیوەندییەکی سۆزداریت ئەوا کاتەکەی لەبارو گونجاوە، بیری خراپ لە مێشکت ببە دەرەوە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

دوودڵ مەبە لە یارمەتیدانی کەسانی دیکە، هەر ئەو یارمەتییەیە لە داهاتوو بە باشە بۆت دەگەڕێتەوە، لە کارەکانتدا دەرگایەکی نوێ دەکرێتەوە، هەروەها بارودۆخێکی پڕ بەخت و خۆشی دێتە پێشت و چەند چاوپێکەوتنێکی گرنگ لەگەڵ کەسانی دیاردا ئەنجام دەدەیت.